



# کۆمپانیای Apple و باریکترین لاپتۆپی جیهان

کۆمپانیای ئەپل هەمیشە و بەردەوام هەوڵی نوێکاری و داهێنانی نوێـــی داوە، هەر ئەو بیرۆکەیەشـــە ئـــەوی گەیاندۆتە لوتکەی سەرکەوتن، مۆبایلی Iphon شۆڕشێك بوو لە جیهانی مۆبایلدا. کۆمپیوتەری ماکنتۆشـــیش لەســـەردەمی خۆیدا بەم چەشنە بوو. جیهان بە سەرســـامییەوە چاو لـــە داهێنانەکانی کۆمپانیای ئەپل دەبڕێ. لـــەم دواییانەدا ئەم کۆمپانیایـــە باریکترین کۆمپیوتەری لاپتۆپی بەرهەم هێنا.

کاتێك ئەستیو جابز، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەپل لە پێشانگای ساڵانەی Macworld دا هاتە سەر سەکۆی پیشانگا و زەرفێکی بچوکـــی کردەوە، هەموو پێیان وابوو ڕەنگە لەناو ئەو زەرفەدا چەند بەڵگە و نووســـراوەیەك هەبێ، بەڵام کە دیتیـــان کۆمپیوتەرێکی تەنك سەری وەدەرنا، سەریان ســـورما. ئەو کۆمپیوتەرە باریکترین کۆمپیوتـــەری جیهانە کە بـــە Mac Book Air ناســـراوە. کێشـــی ئەم کۆمپیوتەرە تەنیا کیلۆیەك و ٣٦ گرامە. بارســـتایی ١/٩٣ ســـم. هاردەکەی ٨٠ گیگایـــە و رامەکەی ٢ گیگابایتە. جگەلـــەوەش شـــوێنێکی تایبەتی هەیە بـــۆ هاردێکی ٦٤ گیگا بایتـــی. بەڵام ئەو لاپتۆپە کەموکوڕییەکی بەرچاوی هەیە ئەویش نـــە CD دەخوێنێتەوەو نە DVD. لە وەڵامی ئەو کەموکورییەدا بەرپرسانی کۆمپانیا دەڵێن، لە جیهانی ئایندەدا ئەنتەرنێت شارێگای گواستنەوەی زانیارییەکانە و پێویست بەو ئامێرانە ناکات.



# چەند سپیکەرێک لە جیهانی تەکنەلۆژیادا

ســـپیکەر، ئامێرێکی لاوەکییە کە لەگەڵ ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و TV و گشـــت ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی دەنگ و ڕەنگ هەیە. کۆمپانیای ZAGG سپیکەرێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە ئامێری Ipod و چەند ئامێرێکی دیجیتالی دیکە.



ئەم سپیکەرە زۆر بچوکە و دەکرێ بۆ هـــەر شـــوێنێك هەڵبگیرێ، ئامێرێکی ڕیمۆت کۆنترۆڵیشـــی لەگەڵدایە، کە گشت دوگمەکانی Ipodی لەســـەرە. تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو سپیکەرە ئەوەیە کە بە کارەبا شەحن دەبێتەوە.

- سپیکەری وایەرلەیس

کۆمپانیای Pinnacle بەم دواییانە نوێترین مۆدێلی سپیکەری وایەرلەیسی هێنایە بەرهەم، ئەو مۆدێلە کە بە QP-١٥٣٠ ناسراوە نوێترین سپیکەری ئەو کۆمپانیایە. تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم سپیکەرە ئەوەیە کە لەگەڵ گشت ئامێرەکانی دەنگی دیجیتالی دەگونجێ.









## بەرهەمێکی بەسوود بۆ هاندەکانی مۆبایل

ڤیدیۆ پرۆژکتۆر کە ئامێرێکە بۆ نیشاندانی وێنە و فیلم لە پانتاییەکی زۆردا، بە قەوارەیەکی بچووك هاتە بەرهەم. ئەو ڤیدیۆ پرۆژکتۆرە کە بە Pico ناسراوە لەلایەن کۆمپانیای Micro Vision هاتۆتە بەرهەم. پرۆژکتۆرێکە کە لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. ئەو ئامێرە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە هاندەکانی مۆبایل دروستکراوە. بەمجۆرە بەکارهێنەر دەتوانێ وێنە و فیلمە خەزن کراوەکان لە مۆبایلدا بە دیقەیەکی بەرزتر و سایزێکی گەورەترەوە سەیر بکات.

ئامێری Pico لە سیستەمی لەیزەری بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەکان سوود وەردەگرێ، توانای نیشاندانی وێنە لەسەر دیواریشی هەیە. لێنزی ئەم ڤیدیۆیە دەتوانێ تاکو ٩٠ پلە بە دەوری خۆیدا بسوڕێ، هەربۆیە سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

## ڤیدیۆ پرۆژکتەرێک بۆ ئامێری Ipod

پاش ئەوەی کە ئامێرێکی لاوەکی زۆر بۆ ئامێری Ipod هاتە بەرهەم، ئێستا ئامێرێکی ڤیدیۆپرۆژکتۆری تایبەت بەو ئامێرە هاتۆتە بەرهەم. ئەو ڤیدیۆ پرۆژکتۆرە لەلایەن کۆمپانیای Viewsonic ەوە دروستکراوە کە بە PJ٢٥٨D ناسراوە. دیقەی نیشاندانی وێنە لەو ئامێرەدا هاورێکە بە ٢٠٠٠ بەیەك و هێزی زۆمەکەی ١/٢ بەرابەرە. هێزی رووناکی لەو ڤیدیۆپرۆژکتۆرەدا ٢٠٠٠ ە و توانای زۆمی دەستیشی هەیە. گلۆپی ئەو ڤیدیۆ پرۆژگتۆرە لە جۆری ٢٠٠ واتە کە تەمەنەکەی لە حاڵەتی ئاساییدا دەگاتە ٢٠٠٠ کاتژمێر و لە حاڵەتی بەکارهێناندا تاکو ٣٠٠٠ کاتژمێر دەڕوات.

سپیکەری ناوخۆی ئەو ئامێرە توانای یەك واتی هەیە. لە کاتی بڵاوکردنەوەی دەنگدا ٣٧ دی سی بڵە. بەشێوەیەکی گشتی وزەی پێویست بۆ ئەو ڤیدیۆیە نزیکەی ٢٨٠ واتە.





## ئامێری بڵاوکردنەوەی دەنگ بە توانای جۆراوجۆرەوە

کۆمپانیای Jwin ئامێرێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە توانای جۆراوجۆری هەیە لە بڵاوکردنەوەی دەنگدا. ئەو بەرهەمە نوێیە ئامێرێکی بڵاوکردنەوەی مۆسیقیە کە بە مۆدێلی I-٧٥٠٠ ناسراوە. ئەو ئامێرە خاوەنی دوو سپیکەرە، هێزی بڵاوکردنەوەی دەگاتە ١١٠ وات. جگە لەوەش لەگەڵ گشت جۆرەکانی ئامێری Ipod دەگونجێ. هەروەها هەماهەنگیشی هەیە لەگەڵ ئامێرەکانی Mp٣playerیش. ئەو ئامێرە رادیۆشی لەگەڵ دایە بە هەردوو شەپۆلی کورت و مامناوەندییەوە.

ئامێری CD (I-٧٥٠٠)یش دەخوێنێتەوە. جگە لەوەش هەموو جۆرەکانی میمۆری کارتی وەك MS، MMC،SD دەخوێنێتەوە. ئامێری ریمۆت کۆنترۆڵی لەگەڵدایە، خاوەنی شاشەیەکی LCDیە بۆ نیشاندانی زانیاری سەر فایلەکان.

# چەند خاڵێکی سەرنج ڕاکێش بۆ ئەوانەی Gmail بەکار دێنن





زۆر لـــەو پرۆگرام و، خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت گەلێك تایبەتمەندیـــان هەیـــە کە ئێمەمانان شـــارەزای نین. ڕەنگە لە مینۆی ســـەرەکی ئەو پرۆگرامەدا گەلێـــك جاران بەرچاومان کەوتبێ کەچی ســـەرنجمان نەدابێتێ. خزمەتگوزاری ئیمێلی Gmailیش تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ئێمە مانان شارەزای نین. لێرەدا سەرنجتان بۆ چەند خاڵێك ڕادەڕکێشین.

-١ زیادکردنی ئەدرەسی ئیمێلەکانی دیکە لە بەشی ناردنی ئیمێلدا: بۆ نموونە وای دابنێن کە ئێوە چەندین ئیمێلتان هەیە، بەڵام دۆســـت و هاوڕێیانەت تەنیا یەك ئیمێلت دەزانن، خۆشت ناتهـــەوێ هەر بەو ئیمێلە وەڵامیان دەیەوە. بە کورتی دەتهەوێ گشـــت ئادرەســـەکانی ئیمێلت لە Gmail کۆ بکەیەوە. بۆ ئەم مەبەســـتە Gmialەکەت بکەوە، لەبەشی Sittingدا لە گۆشـــەی سەرەوە، کلیك بکە و پاشان فرمانی Accounts بکەوە. لە بەشـــی Send mails as دا فرمانی Add anuther email address بکـــەوە. ناو و ئێملەکانی دیکەی خۆت بنووســـە. پاشان فرمانی Next Step کلیك بکە. Gmail بۆ ئەوەی کە دڵنیا بێ کە ئەو ئێمێلانە تایبەتن بـــە تۆ، ئیمێلێکت بۆ دەنێرێ، ئێـــوە دەبێ ئەو ئیمێلە بکەنەوە. کە کردتەوە ئیدی قۆناغەکە کۆتایی پێدێ، لەمەوبەولا بە هەر ئیمێلێك بۆ دۆست و هاوڕێیانت ئیمێل بنێری تەنیا یەك ئەدرەس نیشان دەدات.

-٢ دوکیۆمنێتـــە ناردراوەکان هەر لـــە Gmail دا بکەوە. زۆر جـــاران فایلێکت بۆ هاتووە کە بـــە پرۆگرامی Word یان Excel ناردراوە و ئێوەش لە ســـەر کۆمپیوتەرەکەتان ئەو پرۆگرامەتـــان نییە، چ دەکەی؟ زۆر ئاســـانە ئێوە دەتوانن بە کلیـــك کردن لەســـەر فرمانـــی Open as a google docs&spreadsheets کـــە لـــە خـــوارەوەی فایلە ناردراوەکانـــدا هەیە، بکەوە و تەنانەت دەتوانی دەستکاریشـــیان بکـــەی. لەوکاتەدا دەتوانـــن فایلەکانی Word بە فۆرماتی HTML ببینن. هەروەها دەتوانن فایلەکانی Powerponit بە شێوەی سلاید ببینن.

-٣ بـــۆ بە چات وەڵام نادەنەوە؟ زۆرجاران بۆتان هاتۆتە پێش کە ئیمێلێکتان بۆ یەکێك ناردووە و کە لەو کاتەدا لەســـەر هێڵی ئەنتەرنێت بووە، دەستبەجێ وەڵامت بۆ هاتۆتەوە. ئەگەر دڵنیا بووی کە بەرامبەرەکەت لەسەر هێڵە، پێویست ناکات ئیمێلی بۆ بنێری، دەکرێ بە چات قسەی لەگەڵ بکەی. بۆ ئەم مەبەستە فرمانی Replyng by chat دابگرە.

-٤ لە ئیمێلەوە بۆ مۆبایل: ئەگەر مۆبایلەکەتان پەیوەندی بە ئەنتەرنێتەوە هەیە دەکرێ لە جیمێلەوە بۆ مۆبایل پەیام بنێری.

-٥ لینکە هۆشـــمەندەکانی لای ڕاست: جیمێل بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەقی ئیمێلەکان کە بـــۆت هاتوون، لێکدەداتەوە. ئەگـــەر لە دەقی ئیمێلەکـــەدا باس لە شـــوێنێکی تایبەت یا کاتێکی تایبەت کرابێ. لەلای ڕاستدا چەند لینکێك دەردەکەوێ کە بەکارهێنەر بۆ خزمەتگوزاری گوگل ڕێنمایی دەکات، تاکو شوێنەکە ببینی یا پێشنیار بە بەکارهێنەر دەکات کە کاتەکە لە ڕۆژمێری گوگلدا خەزن بـــکات تاکو لەکاتی خۆیدا بە بیری بخاتەوە.

-٦ بەدواداگەڕانی پێشکەوتوو: زۆر لەبەکارهێنەرانی جیمێل بۆ دۆزینـــەوەی ئیمێلێکی تایبەت لە بەشـــی بەدواداگەڕاندا سوود وەردەگرن، بەڵام کەمتر سەرنجیان داوەتە بەدواداگەڕانی پێشـــکەوتوو. کە ئەم بەشـــە دۆزینەوەی ئیمێلەکان زۆر ئاسان دەکاتـــەوە. دەکرێ لەوێـــدا تەنیا لە ئیمێلەکانی کەســـێك، یان ئیمێلەکانی تایبەت بە کاتێکی دیاریکراو بگەڕێی.

-٧ ڕێکخســـتنی کۆبوونەوەو ژوانەکان لە جیمێلدا: ئەو خزمەتگوزارییە بۆ ئەوانەیە کە زۆر لە سیســـتەمی ڕۆژمێری گوگل ســـوود وەردەگرن و ئەرکەکانیان بە ڕۆژمێر ڕادەپەڕێنن. کاتێك ئیمێلێك بۆ کەسێك دەنێری و ژوانێکی لەگەڵ دادەنێی، دەتوانی لە خودی ئیمێلدا بە کلیك کردن لەسەر Add event info دەکەی. بەمجۆرە کاتەکە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی دەچتە ڕۆژمێری گوگلەوە.

# شێوازێکی نوێ بۆ چاککردنەوەی CDیە تێکچووەکان





CDی کۆمپیوتەر، بە بەراورد بە ئامێرەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕی زانیاری تەمەنێکی کەمی هەیە، CDیەکان بـــە گەرما و ســـەرما زوو تێکدەچن، شـــێ و تەڕ بوون تێکی دەدات، هەرکە بە شتێکی زبر بکەون ئیدی سوودی لێوەرناگیرێ. جار هەیە لەســـەر CDیەکە زانیارییەکی گرنـــگ هەیە، کە بـــە تێکچوونـــی CDیەکە ئیدی کارەســـاتێکی قەرەبوو نەکراو بـــە خاوەنەکەی دەکەوێ، هەربۆیە هەندێك شـــێواز هەن بۆ نوێ کردنەوەی CDیە تێکچووەکان. شـــوردن بە ئاوی سارد و مەعجونی ددان، شێوازێکی باشـــە. بەڵام نوێترین شێواز خاوێن کردنەوەیە بە "پۆلیش"ی ســـەیارە. پۆلیشی سەیارە CDیەکە نوێ دەکاتەوە. بۆ دڵنیایی زیاتر تاقی بکەنەوە.



## بەرگری کردن لە راگواستنی فایلەکان بۆ سەر فلاش میمۆری

بەرلە داهێنانی فلاش میمۆری گواستنەوەی زانیاری تەنیا لە رێگای دیســـك و لە دوایشدا لەســـەر CD جێبەجێ دەبوو، بەڵام بە پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەمڕۆکە فلاش میمۆری جۆراوجۆر هاتوونەتە بەرهەم، ئەوەندەش هەرزانە کە هەر منداڵێکی قوتابخانەش فـــلاش میمۆرییەکی پێیە. لە راســـتیدا ئەمە ســـەرکەوتنێکە بۆ تەکنەلۆژیا، بەڵام جێـــگای نیگەرانییە بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا و شـــوێنە گرنگەکان. چونکە بە زۆر بە ئاســـانی دەکرێ فلاش میمۆری بخەیە ســـەر کۆمپیوتەر و گشـــت فایلەکان رابگوێزی، کاتێکی زۆریـــش ناخایەنێ، ئەوپەڕی خولەکێك. بۆ پاراســـتنی زانیاری و نە دزرانی بەهۆی فلاش میمۆرییەوە، لێرەدا شێوازێکتان فێر دەکەین کە زۆر ســـانایە و لە رێگای ریجســـتێری ویندۆزەوە جێبەجێ دەبێت.

لەســـەرەتادا: لـــە مینـــۆی Start بەشـــی Run بکەوەو دەســـتەواژەی Regedit داخیل بکە و فرمانی Enter لێبدە، پاشـــان پەنجەرەیەك دەکرێتەوە. لەو کاتەدا بۆ ئەم شـــوێنانە برۆ. HKEY_LOCAL_MACHINE/SYSTEM/CurrentControlSet/Control، دواتـــر دوگمـــەی کۆنترۆڵی لای راست دابگرە و لە new لەسەر دوگمەی key کلیك بکە. ناوی دوگمەکـــە بنێ storageDevicepolicies. ئێســـتاکە ئـــەو دوگمەیە دابگرێ و لە بەشـــی New لەســـەر فرمانـــی DWORD Value کلیـــك بکە. نـــاوی بنێ بە WritePortect.

ئێستاکە لەسەر ئەو فرمانە کلیك راست بکە و پاشان Modify هەڵبژێرە. لە بەشـــی Value data ژمـــارەی ٠ بکە بە (١) و پاشـــان Ok بکە. ئێستاکە تەواو، پاشـــان کۆمپیوتەر ریستارت بکەوە، ئێســـتا هیچ کەس ناتوانێ فـــلاش میمۆری یان Mp٣ Player فایلەکان بگوازێتەوە. شـــایانی باســـە ئەوە تایبەتە بە ویندۆز XP لەسەر ویندۆزەکانی دیکە تاقی نەکراوەتەوە.







